# خوای گەورە ئازاری ئەوانە دەدات؛ کە ئازاری خەڵکی دەدەن لە دونیادا

لە هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حیزامەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: تێپەڕبوو بە لای کۆمەڵێک خەڵکی لە جووتیارەکانی ئەنبات لە ژێر خۆردا وەستێنرا بوون، ووتی: ئەمە چییە؟ ووترا: بەند کراون بەهۆی سەرانە (باج) نەدان، هیشام ووتی: شاهێدی دەدەم کە گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خوای گەورە ئازاری ئەوانە دەدات؛ کە ئازاری خەڵکی دەدەن لە دونیادا».
[سەحیح - ڕاست] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حیزام -ڕەزای خوایان لێبێت- تێپەڕبوو بە لای کۆمەڵێک لە جووتیارە ناعەرەبەکان لە شام، لە ژێر گەرمایی خۆردا وەستێنرا بوون، پرسیاری سەبارەتیان کرد؟ پێی ووترا: بەو شێوەیە سزا دراون چونکە سەرانە (باج)یان نەداوە لەکاتێکدا دەتوانن بیدەن. هیشام -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: شاهێدی دەدەم کە گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: خوای گەورە ئازاری ئەوانە دەدات؛ کە ئازاری خەڵکی دەدەن لە دونیادا بە بێ هەق.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8888

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee